Kurdistan Nêt

Digitally signed by Kurdistan Nêt
DN: CN = Kurdistan Nêt, C = US, O = www.kurdistannet.org, OU = Kurdistan Net
Date: 2004.01.01 20:11:16 +01'00'

# پشتیوانی كردن له‌ عه‌ره‌بی هاورده‌ خیانه‌تێكی نه‌ته‌وه‌ییه‌

ئه‌رده‌شێری شۆڕش/ ardasher21@hotmail.com/ كه‌ركوك/ دووبز

ئه‌گه‌رچی پرسی كورد وه‌ك نه‌ته‌وه‌یه‌كی خاك داگیركراو و بن ده‌ست له‌ كوردستانی لكێنراو به‌ عیراقه‌وه‌ گه‌یشتۆته‌ ئاستێكی زۆر به‌رزو له‌ نێوه‌نده‌ جیهانی و ئیقلیمیه‌كان حیسابی زۆر وردی بۆ ده‌كرێت. چه‌ندین به‌ڵگه‌ی به‌رجه‌سته‌ و دیاریش هه‌ر له‌ دوای جه‌نگی كه‌نداوی دووه‌م و داگیركردنی كوێت له‌ لایه‌ن رژێمی به‌عسی عێراقه‌وه‌ له‌ ساڵی(1990)و راپه‌ڕینی كورد له‌ ئاداری(1991) هه‌ر له‌ دانانی ناوچه‌ی ئارام بۆ كورد دواتر پاراستنی ئه‌زموونه‌كه‌ی زیاتر له‌(12) ساڵ له‌ لایه‌ن هاوپه‌یمانانه‌وه‌ و تا پشتیوانی لێكردن له‌ رووی رژێمه‌ داگیركه‌ره‌كانی كوردستان و قبوڵكردنی سیاسه‌تمه‌داران و نوێنه‌رانی كورد له‌ ئاستێكی زۆر به‌رز له‌ ئه‌مریكا وئه‌ورووپا به‌ڵگه‌ی حاشا هه‌ڵنگرن كه‌ پرسی ره‌وای كورد و بوونی كورد له‌سه‌ر خاكی خۆی پرسێكی پڕ بایه‌خه‌ له‌ نێوه‌نده‌ ئیقلیمی و نێو ده‌وڵه‌تیه‌كان، له‌ دوای داڕمانی رژێمی سه‌دامیش رۆڵی كورد ئه‌گه‌ر زۆر زیاتر نه‌بووبێ به‌ هیچ شێوه‌یه‌ك به‌ره‌و دواش نه‌چووه‌، نموونه‌ش بۆ ئه‌م راستیه‌ به‌هۆی پێداگرتن و جه‌ختكردنی نوێنه‌رانی كورد له‌ ئه‌نجوومه‌نی حوكم له‌به‌غدا پیلانی هاتنی له‌شكری رژێمی توركیای پوچه‌ڵكرده‌وه‌ و هه‌موو ئه‌و سیاسه‌ته‌ چه‌وتانه‌ی كه‌ رژێمی ناوبراو بۆ كپ كرده‌نه‌وه‌ی ده‌نگ ونه‌هێشتنی رۆڵی كورد ده‌یگرتنه‌ به‌ر هه‌ره‌سی پێهێنا، جگه‌ له‌مانه‌ش هاتنی به‌ڕێز(كۆڵن پاول) بۆ شارۆچكه‌ی هه‌ڵه‌بجه‌ی شه‌هید سه‌ردانی مه‌زاری شه‌هیدانی كیمیا بارانكردنی ئه‌و شاره‌ خۆڕاگره‌ به‌ڵگه‌یه‌كی تره‌ له‌سه‌ر پێشكه‌وتن رۆڵی كورد ئه‌مه‌و سه‌ردانه‌ به‌رده‌وامه‌كانی به‌ڕیز(پوڵ بریمر) حاكمی مه‌ده‌نی عیراق و په‌یوه‌ندی راسته‌وخۆی به‌سه‌ركرده‌كانی كورد ئه‌ویش به‌ڵگه‌یه‌كی تره‌ له‌سه‌ر پشتییوانی نه‌گۆڕ و هاوپه‌یمانیه‌تی ستراتیژی له‌ نێوان كوردو ده‌سه‌ڵاتی هاوپه‌یمانی ئه‌مریكا –به‌ریتانیا ، به‌ڵام جێگای داخه‌ كه‌ له‌ كاتێكدا زۆربه‌ی كورد و خه‌ڵكی راگوێزراوی كه‌ركوك و موسڵ و شه‌نگال و زه‌مار و مه‌خمور و خانه‌قین و..هتد، بنه‌ماڵه‌ی شه‌هیدان و به‌ تایبه‌تی شارۆچكه‌ی هه‌ڵه‌بجه‌ و بالیسان و شێخ وه‌سانان و بادینان و كه‌س و كاری زام له‌ دڵی ئه‌نفال و زیندانی سیاسی و هه‌موو قوربانیانی رژێمی گۆڕ به‌ گۆڕی به‌عس چاوه‌ڕوانی هه‌ڵوێست ده‌كه‌ن، هه‌ندێ لایه‌ن هه‌یه‌ مساوه‌مه‌ له‌سه‌ر خوێن و ماندووبوون و ماف و قوربانیدانی خه‌ڵكی چه‌وساوه‌ی كورد ده‌كات و پیاوه‌كانی رژێم و عه‌ره‌بی هاورده‌ كه‌ خاك و موڵك و ماڵی كوردیان هه‌تا ئێستاش داگیركردووه‌ پشتیوانی لێده‌كه‌ن و كه‌ ئێستاشی له‌گه‌ڵدابێ چاو له‌ خاوه‌نه‌ ره‌سه‌نه‌كانی ئه‌و خاك و موڵك و ماڵه‌ سورده‌كه‌نه‌وه‌ و چاوه‌ڕوانی ده‌رفه‌تێكن موعجیزه‌یه‌ك رووبدات سه‌دامی به‌زیوو بگه‌ڕێته‌وه‌ تا ئه‌وان دووباره‌ بكه‌ونه‌وه‌ قه‌تل و عامكردنی خه‌ڵكی چه‌وساوه‌ی كورد، دووباره‌ له‌سه‌ر خاكه‌كه‌ی هه‌ڵی بكه‌نن و ده‌ربه‌ده‌ر و ئاواره‌ی بكه‌نه‌وه‌، ئێمه‌ پشتیوانی كردن له‌ كورد هه‌ر كوردێك له‌ هه‌ر حزب و لایه‌نێك بێت و گه‌ڕاندنه‌وه‌ی مافه‌ زه‌وتكراوه‌كانی به‌ خاڵێكی ستراتیژی نێو خه‌باتی نه‌ته‌وایه‌تیمان ده‌زانین، هه‌ر جۆره‌ پشتیوانی لێكردن و داڵده‌دانی عه‌ره‌بی داگیركه‌ریش به‌ خیانه‌تێكی نه‌ته‌وه‌ییی داده‌نێین و هه‌ر كه‌س و لایه‌نێك بیكا پێمان وایه‌ به‌رامبه‌ر به‌ مێژوو و دادگای ویژدانی كوردایه‌تی شه‌رمه‌زار و مه‌حكوم ده‌بێت، به‌ كرده‌ییش ده‌بێته‌ هۆی كۆسپ خستنه‌ ئه‌و پێشكه‌وتنه‌ مه‌زنه‌ی كه‌ پرسی كورد ئێستا به‌ خۆیه‌وه‌ ده‌یبینێ، ئه‌م سیاسه‌ته‌ مساوه‌مه‌تكارانه‌یه‌ هیچ كاتێك بۆ هیچ لایه‌نێك نه‌رهه‌می سیاسی باشی نه‌بووه‌ و هه‌رده‌م یه‌ك هه‌ڵوێستی له‌ ره‌تكردنه‌وه‌ و نه‌هێشتنی داگیركه‌ران له‌سه‌ر خاكی كورد داواكاری سه‌رجه‌م جه‌ماوه‌ری خه‌ڵكی كوردستان بووه‌، پێویسته‌ ئه‌و كه‌س و لایه‌نانه‌ی كه‌ ده‌یانه‌وێ مساوه‌مه‌ له‌سه‌ر مافی كورد بكه‌ن پشتیوانی له‌ پاشماوه‌ی ته‌عریب ده‌كه‌ن به‌خۆیاندا بچنه‌وه‌ و درز نه‌خه‌نه‌ هه‌ڵوێستی یه‌كگرتووی كورد، جه‌ماوه‌ری به‌ شه‌ره‌فی كوردستانیش به‌م هه‌ڵوێسته‌ نه‌زۆكه‌یان له‌ ئازادی یه‌كجاری بێئومێد نه‌كه‌ن، چونكه‌ ئێمه‌ هه‌موومان له‌یه‌ك كه‌شتی داین ئیتر هه‌ر كه‌سێك به‌هه‌ر به‌هانه‌یه‌ك بێت ئه‌م كه‌شتی‌یه‌ كون بكات ئه‌وا هه‌موومان به‌یه‌كه‌وه‌ نوقوم ده‌بین، دوژمنانیش له‌ مێژه‌ بڕیاری خۆیان داوه‌، كاتێك كوردێك ده‌كوژن ناپرسن هه‌ڵوێستی چۆن بووه‌ به‌رامبه‌ریان، چونكه‌ كورد له‌لایان هه‌ر كورده‌ ده‌بێ نه‌مێنێ، ئیتر تا دووباره‌ ملكه‌چی و ئه‌نفال و جینۆساید یه‌كی نه‌خستووین با به‌ ئازادانه‌ و هه‌ستكردن به‌ به‌رپرسیاریه‌تی ئه‌ركی نه‌ته‌وایه‌تی له‌سه‌رمان به‌ ئیراده‌ی خۆمان له‌به‌رامبه‌ر بێگانه‌ یه‌ك هه‌ڵوێست بین و هه‌موو كێشه‌ حزبی و كه‌سایه‌تیه‌كانمان وه‌لانێین.